# سیستمی جێنشینی لە دەوڵەتی ساسانیدا هەلومەرجەکانی و کاریگەریی لە جێگیریی سیاسیدا٢٢٤-٦٥١ز

مژدە اکرم ابوبکر [١]، کامەران محمد جلال [٢]

[١،٢] بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناو نیشانی "سیستمی جێنشینی لە دەوڵەتی ساسانیدا -هەلومەرجەکانی و کاریگەری لە جێگیریی سیاسیدا ٢٢٤-٦٥١ ز"، توێژینەوەیەکی شیکارییە، بە پێداچونەوەی مێژوی دەستاودەستکردنی دەستەڵات لەنێو بنەماڵەی دەسەڵاتداری ساسانیدا، پۆلێنی شێوازەکانی دانان یان جێگرتنەوەی جێنشینەکانی ئیمپراتۆری ساسانی دەکات، تا ڕونی بکاتەوە کە پرۆسەی دانانی جێنشین تا چەند بەپێی سیستمی پاشایەتی جێبەجێکراوە؟ کە وابەستە بە جێنشینی شاهانە بو، چونکە سیستمەکە پاشایەتی بو، ئەو سیستمەی لەلایەن ئەردەشێری پابکان (٢٢٤-٢٤١ز) دامەزرێنەری دەوڵەتەکەوە بنیاتنرابو، کە بنەمای سەرەکیی دەسەڵات گرتنەدەستی بنەماڵەی ساسانی بو، بەڵام دەکەوتە بەر کاریگەریی پیاوانی ئاینی، خانەدان و دەستڕۆیشتوەکانی کۆمەڵگا، ئایا تاچەند دەستێوەردانی دەرەکی و هێزی سەربازی ڕۆڵیان لە دیاریکردنی جێنشیندا هەبوە؟ حوکمڕانی لە دەوڵەتی ساسانیدا بەزۆری بۆماوەیی بوە، چونکە چاوەڕوان دەکرا کوڕی پاشا شوێنی باوکی بگرێتەوە، بەڵام ئەم سیستەمە هەمیشە یەکگرتو نەبوە و زۆرجار ناکۆکی لە نێوان کوڕەکاندا، یان لە نێوان لقە جیاوازەکانی بنەماڵەی شاهانەدا هەبوە، جگە لە بەرژەوەندیە جیاوازەکانی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەک مۆغەکان و بنەماڵە خانەدانەکان، یان سەرکردە سەربازییەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان هەوڵی دەستوەردانیان لە دیاریکردنی جێنشینیدا دەدا، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بە گرتنەبەری ڕێبازی مێژویی شیکاری شێوازەکانی گواستنەوەی تەختی شاهانە و هۆکارەکان وکاریگەرییەکانی ڕون بکاتەوە، بۆیە لە کۆتاییدا یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەوە بوە کە زۆر جار ناجێگیریی سیاسی، لاوازبونی تەختی شاهانەی لێدەکەوێتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەسانی دەرەووی بنەماڵەی شاهانە هەوڵی بەدەستهێنانی تەختی شاهانە دەدەن.

**وشە سەرەکییەکان:** دەسەڵات، سیستمی جێنشینی، دەوڵەتی ساسانی، خانەدانەکان.

## ١. پێشەکی [1]

گواستنەوەی تەختی پاشایەتی لە دەوڵەتی ساسانیدا، پرۆسەیەکی سەرەکی و کاریگەر بو لە مێژوی ئیمپراتۆریەتەکەدا (٢٢٤-٦٥١ز). دەوڵەتی ساسانی لەلایەن ئەردەشێری یەکەمەوە، دوای سەرکەوتنی بەسەر ئیمپراتۆریەتی پارت/ ئەشکانیدا (٢٤٧پ.ز-٢٢٤ز)، دامەزرا. ماوەیەکی درێژخایەنی دەسەڵاتی بەهێز و سەقامگیر، کە شایەتحاڵی گەشەسەندنی گەورەی کولتوری و ئابوری و سەربازی بو، بەڵام گواستنەوەی تەختی پاشایەتی هەمیشە پرۆسەیەکی نەرم و بێ ململانێ نەبوە، سروشتی ئاڵۆزی گواستنەوەی تەخت، کاریگەریی زۆری لەسەر سەقامگیریی دەوڵەت و توانای ڕوبەڕوبونەوەی دوژمنانی ناوخۆیی و دەرەکی هەبو. هەرچەندە هەندێک لە پاشاکان چاکسازی و دەستکەوتی سەربازیی بەرچاویان بەدەستهێنا، بەڵام قۆناغە پشێوییەکان ڕۆڵیان لە لاوازکردنی ئیمپراتۆریەتەکەدا هەبو، ئەمەش وایکرد کە بەرەوڕوی هێرشی دەرەکی بێتەوە، لەوانەش شاڵاوی عەرەبە مسوڵمانەکان، لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا، کۆتایی بە دەسەڵاتی ساسانییەکان هێنا.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە ڕێگەی ڕوداوە مێژوییەکانەوە و بە ڕێبازێکی مێژویی شیکارییانەوە، لەو فاکتەرانە بکۆڵێتەوە کە کاریگەرییان لەسەر گواستنەوەی تەختی شاهانە، لە دەوڵەتی ساسانیدا هەبوە. کاریگەریی ئەم ئاڵوگۆڕە لەسەر تەختی دەسەڵات چی بوە؟ ئایا پیاوانی ئاینی و خانەدانەکان و دەستی دەرەکی لە دەرباری پاشادا ڕۆڵیان لەم ئاڵوگۆڕەدا هەبوە؟ ئایا لەدەرەوەی بنەماڵەکەدا هیچ هەوڵێک بۆ گرتنەدەستی تەختی پاشایەتی هەبوە؟

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی 9، ژمارە 2 (2026)
ڕێککەوتی: وەرگرتن 4 شوبات 2025 ؛ پەسەندکردن: 6 ئادار 2025
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە 28 تەمووز 2026 بڵاوکراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر: kameran.jalal@koyauniversity.org

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © 2026 مژدە اکرم ابوبکر و کامەران محمد جلال، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp277-285

## ٢. دەروازە

### دەرکەوتنی بنەماڵەی ساسانی و سەرهەڵدانی دەوڵەتی ساسانی

ئەردەوانی پێنجەم (٢١٣-٢٢٤ز) دوا پاشای پارت/ئەشکانی بو، دوای ئەو کێشە دەرەکی و ناوخۆییانەی کە ڕوبەڕوی بوبونەوە، لە هەرێمی فارس لە باشوری خۆرئاوای ئێستای ئێران، بنەماڵەیەک دەرکەوتن و بەرەنگاری پاشای پارت بونەوە، ئەوانیش ساسانییەکان بون، دوای کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی پارت، ساسانییەکان شوێنیان گرتنەوە (کریستێنسێن، ٢٠٠٦، ١١٣؛ Frye, 1983, 291).

دوای ئەوەی ساسان ئافرەتێکی لە بنەماڵەی بازرنگیی فەرمانڕەوای هەرێمی فارس خواست، پابەک، باوکی ئەردەشێر سودی لەم پەیوەندییە بینی، بەوەی داوای لە پاشای هەرێمی فارس کرد، تا ئەردەشێری کوڕە بچوکەکەی بکاتە فەرماندەیەکی سوپای شاری دارابگرد [1] (الکعبی: ٢٠٢٠، ١٥). دواتر باوکی ئەردەشێر داوای لە ئەردەوانی پێنجەم پاشای پارت کرد، بۆ ئەوەی کوڕە گەورەکەی، کە ناوی (شاپور) بو، بکاتە دەسەڵاتداری هەرێمی فارس، ئەردەشێر ئەم کارەی باوکی زۆر پێناخۆش بو، بۆیە شەڕ لە نێوان براکان لە سەر دەسەڵات دروست دەبێت، لەو سەروبەندەدا پابەک دەمرێت و ئەردەشێر دان بە دەسەڵاتی براکەیدا نانێت، بەڵام شاپور هەر زو لە بارێکی تەمومژاویدا دەمرێت، بەمەش ئەردەشێر ئەو کێشەیەی لەکۆڵبۆوە، تا بچێتە ناو شەڕێکی چەکداری لە گەڵیدا، لەوانەشە هەر بە پیلانی ئەردەشێر کوژرابێت (باقر: ٢٠٠٩،ج١، ٥٣٩+). دیارە ئەدەشێر ویستویەتی خۆی ببێتە جێگرەوەی باوکی، ئەوەش هەر لە سەرەتاوە دەرکەوت و تا نەچوە سەر تەخت، نەوەستا.

ئەردەشێرلە دوای مردنی باوکی بانگەشەی پاشایەتیەکەی کردووە، هێزێکی سەربازیی زۆری پەیداکردووە، دەستی بە داگیرکاریی ناوچەکانی دەوروبەری کرد و داوای لە پاشای پارت (ئەردەوانی پێنجەم)کرد، خۆی بە دەستەوە بدات و بە شێوەیەکی ئاشتیانە دەسەڵاتی ڕاسپێرێت، بەڵام پاشای پارت داواکەی ڕەتدەکاتەوە، لە ئەنجامدا ڕوبەڕوی یەکتر بونەوە، ئەمەش ڕوداوێکی چاوەڕوانکراو بو، چونکە ئەردەشێر هەوڵی فراوانخوازیی دەدا ( الیعقوبی: ١٩٩٩، ج١، ١٣). بۆیە لە مانگی نیسانی ساڵی (٢٢٤ز)، ئەردەشێر گەیشتە دۆڵی هرمزگان (دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری ئەحواز، بەڵام پێگەکەی بەوردی دیاری نەکراوە)، شەڕێک لە نێوانیاندا ڕویدا، کە بە شەڕی هرمزگان ناسراوە، گرنگیی ئەم شەڕە لەوەدا بو، کە یەکلاکەرەوە بو، چونکە لەم شەڕەدا ئەردەشێر سەرکەوت و ئەردەوان کوژرا و دوای ماوەیەک مەدائینی پایتەختی گرت و ڕایگەیاند، کە جێگرەوەی پاشای پارت و دامەزرێنەری بنەماڵەیەکی دەسەڵاتداری نوێیە و ئەویش بنەماڵەی ساسانییە (الکعبی: ٢٠٢٠، ٦٣). ئەردەشێر لە ساڵی( ٢٢٦-٢٤٠ز) بە فەرمی تاجی پاشایەتیی ئێرانی خستە سەر (کریستێنسێن: ٢٠٠٦، ١١٣؛ Frye: 1983, 291).

ئەردەشێر بۆ بەهێزکردنی بناغەی دەسەڵاتەکەی، ئاینی زەردەشتیی کردە ئاینی فەرمیی دەوڵەت. ستراتیژی دەوڵەتی ساسانی بۆ ئەوە بو بەرەو ناوچەکانی مێزۆپۆتامیای سەرو بڕوات، کە سنوری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بو، تەنانەت شاری تیسەفونیان بە پایتەختی دەوڵەتەکەیان دانا، کە نزیکترین ناوچە بو لە ناوچەکانی سنوری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی (مجید:٢٠١٠، ٤٧-٤٨). دامەزرێنەری بنەماڵەکە سەرەتا خۆی بۆ دارای سێیەمی (٣٣٦-٣٣٠پ،ز) دوا پاشای هەخامەنشی (٥٥٠-٣٣٠پ،ز) گێڕایەوە، ئەوەش جۆرێک بو لە ڕەوایەتیدان بە دەسەڵاتەکەی، وەک درێژەدان بە دەسەڵاتی ئەوان، واتا جێنشینی ڕەوای مێژوویی ئەوان بووە (عەبدوڵڵا: ٢٠١٠. ٢٤٠-٢٤١). بۆ چەسپاندنی ئەو سیستمە پاشایەتییەش، کاتێك ئەردەشێر لە دەسەڵاتدا بووە، بە شێوەیەکی پشتاوپشت جێنشینی خۆی دیاری کردووە (دەروانرێتە تەوەری یەکەم)، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، دواتر دەبینین چەندین کۆسپ لە بەردەم گۆڕینی جێنشین دروستدەبن، لەوانەش مەزن و موگەکان، کە دەوڵەتێك بون لە ناو دەوڵەتدا، هەروەها پێدانی دەسەڵاتی زۆر بە پیاوانی ئاینی وایکرد، کە دواتر بێنە مەیدانی سیاسەتەوە و هەژمونی خۆیان بسەپێنن (دەڕوانرێتە تەوەری دووەم). بۆ زیاتر جێگیرکردنی ئەو سیستمە، پێدانی ئەو دەسەڵاتەی بۆ ئاهورامزدای (خواوەندی خێرو چاکە) زەردەشتی گێڕایەوە، تا پابەندیی میللەتیش بە دەسەڵاتەکەی پتەوتر بکات، بۆیەش وەک ئاینی فەرمیی دەوڵەت دەستنیشانیکرد.

## ٣. دانانی جێنشین لەلایەن پاشاوە

گواستنەوەی تەختی پاشایەتی لە دەوڵەتی ساسانیدا، بە یەک شێواز ئەنجام نەدرا؛ سیستمی جێنشینی بە خواستی پاشا، یان دەستوەردانی دەرەوەی بنەماڵەی پاشایەتی، لەم تەوەرەدا باس لەو جێنشینانە دەکەین کە بە شێوەیەکی پشتاو پشت و بێ هیچ کۆسپێك لەلایەن پاشاوە دیاریکراون و تاجی پاشایەتییان لەسەرناوە.

ئەردەشێری پابکان [2] ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایەتیی کردووە، توانیی بە دوای یەکتردا دوژمنەکانی بشکێنێت، لە دامەزراندنی بنەمای ئیمپراتۆریەتە فراوانەکەیدا سەرکەوتو بو. گرنگترین کارەکانی، سیستمی بەڕێوەبردنی ناوەندی و کۆمەڵێکی چینایەتیی لەقاڵبدراوی ڕێکخست، تاوەکو بیکاتە ئامرازێکی بەهێز بۆ دەسەڵاتی بنەماڵەکەی [3]، شاپوری کوڕی هاوبەشسپێکرد، وایلێدەگێڕنەوە بە چەند ساڵێك بەر لە مردنی، کوڕەکەی لە تەختی پاشایەتیدا هاوبەشکردووە، بەمەش شاپور لە دوای مردنی باوکی بە شێوەیەکی پشتاوپشت هاتە سەر تەختی دەسەڵات، بەبێ هیچ بەربەستێك، ئەوەش نیشانەی هێز و دەسەڵات شکانەوەی شاپور بووە بەسەر پێیەکانی دەسەڵاتدا ( باقر: ٢٠١١، ٥٣٩|٢؛ امینی: ١٣٨٩، ١٠٦-١٠٧)، [4] شاپوری یەکەم (٢٤١-٢٧٢ز) لە دوای مردنی باوکی لە ساڵی (٢٤٠ز)، دەسەڵاتی گرتە دەست، لە سەری ساڵی (٢٤١ز) دا ئاهەنگی تاجلەسەرنانی بە فەرمی گێڕا، چونکە دەبوایە لە جەژنی سەری ساڵدا ئەنجام بدرێت. لە ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا چەندین چاکسازیی ئەنجامداوە و توانیویەتی سوپایەکی مەشقپێکراوی باشی هەبێت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئیمپراتۆریەتەکەی لە سەر بنەمایەکی بەهێز بۆ ماوەی نزیکەی (٣١) ساڵ بە پێوە بوەستێت (باقر: ٢٠١١، ٥٣٩/٢).

دوای مردنی شاپور، کوڕەکانی بە شێوەیەکی پشتاوپشت بۆ ماوەیەکی کەم چونە سەر تەخت، هەرچەندە ئاماژە بۆ ئەوە کراوە وەك باوکیان بە هێز نەبون و ماوەیەکی کەم لە دەسەڵاتدا ماونەتەوە، وەك، هورمزدی یەکەم Hurmizd دوای شاپوری باوکی بۆ ماوەی ساڵێک (٢٧٢-٢٧٣) فەرمانڕەوایی کرد، هیچ شتێک لەبارەی ئەو ڕوداوە سیاسیانەی کە لە سەردەمی حوکمڕانیی ئەودا ڕوویانداوە نازانرێت (الصالح: ٢٠١٧، ١١٠)، بەگوێرەی ئەوەی کە هیچ ناکۆکییەک ئاماژەی بۆ نەکراوە، پێدەچێت دیاریکردنی جێنشین لەلایەن شاپوری باوکییەوە ئەنجامدرابێت، ئەوەش واتای ئەوەیە هێشتا سیستمەکە بەهۆی بەهێزیی کۆشکی شاهانەوە جێگیر بووە.

دوای کۆچی دوایی هورمز، بەهرامی یەکەم (٢٧٣-٢٧٦ز) چووەتە سەر تەختی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و بۆ ماوەی سێ ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، بەقەد پاشاکانی پێشخۆی لە ڕوی توانای کارگێڕییەوە کارامە نەبو ( الجنابي: ٢٠١٠، ٨). دوای ئەویش، یەکێکی تر لە کوڕەکانی شاپور بە ناوی بەهرامی دووەم (٢٧٦-٢٩٣ز) بۆ ماوەی

(١٧) ساڵ فەرمانڕەوایەتیی تەختی شاهانەی ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی گرتە دەست. لەسەردەمی ئەودا شۆڕشێکی ترسناک لە سنوری ڕۆژهەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتەکەیدا ڕویدا، چونکە براکەی کە والی بو لە سیستان (سجیستان) دەیویست تەختی پاشایەتی بۆ خۆی بەرێت، لەو کارەیدا میری وڵاتی کۆشان یارمەتیی داوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ترسەکە لەسەر بەهرام لە هەردو بەرەکەدا زیاتربێت، بۆیە پەنای بردە بەر بەستنی پەیمان لەگەڵ ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانیدا، بەو پێیە دەستبەرداری مێسۆپۆتامیای سەرو و ئەرمینیا بو بۆی ( باقر: ٢٠١١، ٥٤٢\٢). ئەمە بە یەکەم هەوڵی هەڵگەڕانەوە دێت لە دژی پاشایەکی ساسانی، لەلایەن یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەوە.

دوای بەهرامی دووەم، بەهرامی سێیەم تاجی لەسەرنا، گەورەکان کۆبونەوە و دوعایان بۆ دەکرد، کە نیعمەتی دەسەڵات و تەمەندرێژیی پێ ببەخشێت، ئەویش بە باشترین شێوە وەڵامی دایەوە و پێش ئەوەی ببێتە پاشا، لە سجیستاندا ناسناوی پاشا بو، ئەم پاشایە بۆ ماوەیەکی کەم فەرمانڕەوایەتیی کردووە ( الطبری: ١٩٦٨، ٥٤\٢)، لە گەڵ گەیشتنی بە دەسەڵات نارەزایەتیی نرسیی (٢٩٣-٣٠٢ز) مامی لێکەوتەوە، هەر بۆیە دوای چوار مانگ لە دەسەڵات بەهۆی مامیەوە دورخرایەوە و لە پۆستی پاشایەتی بێبەشکرا ( باقر: ٢٠١١، ٥٤٣\٢). نرسی لەبەر ئەوەی کوڕی شاپوری یەکەم بووە، خۆی بە شایستەتر زانیوە و لە دژی هەڵگەڕاوەتەوە (دەڕوانرێتە تەوەری دووەم).

دوای ئەوەی نرسی لە ساڵی( ٢٩٧ز )، لە بەرانبەر ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانیدا توشی شکستێکی گەورە بووەوە، دوای چەند ساڵێک بۆ کوڕەکەی دەستبەرداری تەختی پاشایەتی بو، کە هورمزدی دووەم (٣٠٢-٣٠٩ز) بو، بۆ ماوەی (٧) ساڵ فەرمانڕەوایەتیی ئیمپڕاتۆریەتی ساسانیی کردووە و بەبێ هیچ بەربەستێك دوای باوکی تاجی لەسەرنا. ویستی بۆ دادگەری لە شانشینەکەیدا هەبوە، ئەوەش وایکردووە لەگەڵ گەورەکانی وڵاتەکەی پێکدابدەن، دواتر لەیەکێک لە جەنگەکانیدا دژ بە عەرەبی ناوچەی کەنداو کوژراوە (الصالح: ٢٠١٧، ١١٧). سەرچاوەکان ئاماژە بەوە ناکەن کە ئایا ئەم پاشایە پێش ئەوەی لەو جەنگەدا بکوژرێت، جێنشینی خۆی دیاریکردووە یان نا؟ بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کوڕێکی چووەتە جێگای، ئەوەیە کە بەهۆی ئەوەی ئاماژەی بۆکرا، هورمزی دووەم، نێوانی لەگەڵ دەسترۆیشتووەکانی وڵاتدا باش نەبوە، کوڕێکی بردووەتە یان چووەتە سەر تەخت. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کام لەو دو ئەگەرە بەڵگەی لەسەر نییە، ئەگەری دووەمان بە ڕاستتر داناوە، چونکە هیچ ڕوداوێک لەوبارەیەوە باس نەکراوە کە ڕویدابێت.

دوای هورمزی دووەم، ئازەر نرسیی کوڕی (٣٠٩ز) دێتە سەرتەخت، ئەم پاشایە لەلایەن مەزنەکانەوە خۆشەویست نەبو (زنجانی: ١٣٨٠، ٦٣\٢-٦٤)، بەهۆی مامەڵەی توندی لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەت، بۆیە دوای ساڵێك ناچارکرا دەستبەرداری دەسەڵات ببێت، تەنانەت گەورەکانی وڵات بەوەشەوە نەوەستان، بەڵکو دوای زیندانیکردنی ئەشکەنجەیەکی زۆریان دا و هەر لە ناو زینداندا کوشتیان. دژایەتیی گەورەکانی وڵاتیش بۆ ئازەر نرسی هەر لە سەرەتاوە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە پێشتر ڕایکردبو بۆ لای ڕۆمەکان و لەوێ پەروەردەیەکی ڕۆمانی کرابو، بۆیە بەپێی یاسای ساسانییەکان نەدەبو کەسێك بکرێتە پادشا، ئەگەر پەروەردەیەکی ساسانی و ئێرانی نەکرابێت (پیرنیا: ١٣٨٥، ١٨٩)، تەنانەت دوای کوژرانیشی نەیانهێشت براکەی، کە ناوی هورمز بو، ببێتە پاشا و گاڵتەیان بە ڕوخساری کرد و ڕاپێچی زیندانیان کرد و هەردو چاویان کوێر کرد، تا هەرگیز نەتوانێت دەسەڵات وەربگرێت، چونکە بەپێی یاسای ساسانی، نەدەبو کەسێك بکرێتە پاشا ئەگەر یەکێك لە ئەندامەکانی جەستەی ناتەواو بێت، هەر بۆیە بەپێی یاسا لە تەختی شاهانە بێبەری کرا، تا کۆچی دوایی کرد (باقر وأخرون: ١٩٧٩، ١٢٧). بەو شێوەیە مەسەلەی دیاریکردن و دانانی جێنشینی چووە قۆناغێکی مەترسیدارەوە، ئەوەش بۆ هێز و توانای دەسەڵاتی ناوەندی دەگەڕایەوە، کە دامەزرێنەرەکەی نەخشەی بۆ کێشابو، بۆیە ماوەی دوای شاپوری یەکەم و تا هاتنەسەرتەختی شاپوری دووەم (٣١٠-٣٧٩ز)، تەختی پاشایەتی جێگیری و ئارامیی بەخۆیەوە نەبینی. دەوڵەتی ساسانی لەو ماوەیەدا تاڕادەیەکی زۆر لاواز بوبو، وەک چۆن بینرا کە پاشایەکی ساسانی بەدەستی هۆزە عەرەبییەکان کوژرا، بەوەش دەسەڵاتی ناوەندی بەتەواوەتی تواناکانی لەدەستدابو، بۆیە بە ماوەی لاوازی یان ئاشوبی یەکەم ناو دەبرێت.

سەردەمی شاپوری دووەم بەسەردەمی هەڵسانەوەی دەوڵەت و دەسەڵاتی ناوەندیی دەرباری پاشایەتی دادەنرێت، هەرچەندە شاپور بە ویستی گەورەکان دانرابو (دەڕوانرێتە تەوەری دووەم)، تا ئێستا هۆکارەکەی نارونە، بەوەش لە ڕوانگەی سیستمی پاشایەتی، کوڕی پاشا لەپێشترە، ئایا ئەمە بە ویستی شاپور بوە یان نا؟ ڕون نییە، بەڵام دوای کۆچی دوایی پاشا لەجیاتی کوڕی پاشا، برایەکی بەناوی ئەردەشێری دووەم (٣٧٩-٣٨٣ز) چووەتە سەر تەختی پاشایەتی، ماوەی دەسەڵاتی (٤) ساڵ بو، کە بە شێوەیەکی ئاشتیانە و بەبێ هیچ بەربەستێك تەختی دەسەڵاتی پێدرا. لە سەردەمی ئەم پاشایەدا دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی زۆر بو، بە بەڵگەی ئەوەی تا ئەو کات زۆربەی پاشایانی ساسانی وێنەی هاتنە سەر تەختیان لە نەخشی ڕۆستەم هەڵکۆڵیوە، بەڵام ئەردەشێر لە تاقی بوستان لە نزیك کرماشان و هەرێمی ماد وێنەی هاتنەسەرتەختی هەڵکۆڵیوە، بەڵام دواتر پاشایانی تریش ئەم ڕێچکەیەیان گرتەبەر، لە کۆتاییدا پیاوانی ئاینیی زەردەشتی، ڕۆڵێکی گەورەیان هەبو لە دورخستنەوەی لە دەسەڵات، تەنانەت وتراوە کە کوشتویانە (Daryaee, 2009, 17). پێدەچێت هۆکارەکەی ئەوە بێت، کە دەیانویست بەردەوام بنەماڵەی پاشایەتی بەلاوازی بمێنێتەوە. وەک چۆن هۆکاری دانانی دیار نەبو، چونکە شاپوری دووەم کوڕی هەبوە، یەکێکیان بەناوی شاپور و لەدوای ئەردەشێر دەچێتە سەرتەخت، لابردنیشی تا ڕادەیەک نارونە، بەڵام پێدەچێت دەسترۆیشتووەکان (پیاوانی ئاینی و خانەدانەکان)، دەستیان لەوەدا هەبوبێت، چونکە مانەوەی پاشایەک، ئەگەر بە ویستی ئەوانیش دانرابێت، بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر تەخت، دەبێتە هۆی بەهێزبونی دەسەڵاتەکەی و دواتر لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەواندا ناگونجێت.

لە دوای کوژرانی بەهرامی چوارەمی (٣٨٨-٣٩٩ز) باوکی، یەزدگردی یەکەم Yazdegerd (٣٩٩- ٤٢٠ز) دەسەڵاتی ساسانیی گرتەدەست و زیاتر لە (٢٠) ساڵ فەرمانڕەوایەتیی کردووە. یەزدگرد بەوە ناسراوە بەرانبەر بە مەسیحییەکان نەرمونیان بووە و ڕێی پێداون سروتە ئاینییەکانی خۆیان پەیڕەوبکەن (مجید: ٢٠١٠، ١١٧-١١٨)، ئەم کارەش بووە هۆی ڕقهەڵسانی پیاوانی ئاینیی زەردەشتی و نازناوی گوناحکاریان لێنا. پێدەچێت لە کۆتاییدا کاری خۆیان کردبێت، چونکە مردنی ئەم پاشایە بە شێوەیەکی نارون بووە و خانەدانەکان چیرۆکێکیان بۆ هۆنیوەتەوە، کە بە هۆی ئەسپێکەوە کوژراوە، بۆ ئەوەی کارەکەی خۆیانی پێ داپۆشن (الکعبی: ٢٠٢٠، ٦٣). کوشتنی پاشاکان بە ئاشکرا کارێکی ئاسان نەبو، چونکە کۆی سیستمەکە جۆرێک لە گرێبەستی نێوان بنەماڵەی ساسانی و چینە باڵاکانی کۆمەڵی ساسانیدا بووە، لەوانە خانەدانەکان بە پشتیوانیکردنی دەسەڵات بەرانبەر بە پاراستنی ئیمتیازەکانیان، پیاوانی ئاینییش بە ناساندنی ڕەوایەتیی پاشاکان، پاشا پارێزگاریی لێیان دەکرد، ئەمە لە وتەکەی ئەردەشێردا بۆ کوڕەکەی نوسیبوی کە دەسەڵات و ئاین تەواوکەری یەکترن (مسکویە، ٢٠٠٣، ٩٩)، لێرەشەوە پاشاکان پیرۆزکرابون و نەدەبو بە ئاشکرا دەستیان بۆ ببرێت،

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp277-285

پورشریعەتی پێیوایە کە دەوڵەتی ساسانی لە ئەنجامی هاوپەیمانیی نێوان پەهلەویەکانی ئەشکانی و بنەماڵەکەدا بنیاتنرابو (برشريعتی، ٢٠٢٠، ١٣٧).
ئەگەر ڕاستبێت یەزدگرد لەلایەن ئەوانەوە لەناوبرابێت، ئەوا دانانی یەکێک لە کوڕەکانی ئەویان لەبەر ئەوە ڕەتکردۆتەوە (دەڕوانرێتە تەوەری دووەم)، پیاوانی ئاینی لەبەر گرنگیدانی بە مەسیحییەکان و خانەدانەکانیش بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان هاوڕابونە. بەهرامی پێنچەم پەیوەندیی لەتەک خانەدانەکان و پیاوانی ئاینیدا باش بو، بۆیە لە دانانی جێنشینەکەیدا کێشەیان نەبو، ئەوەبو یەزدگردی دووەم (٤٣٨-٤٥٧ز) لە دوای کۆچی دوایی باوکی بووە پاشا، جگە لەوەش یەزدگرد زەردەشتییەکی توند بو، واتا یەزدگرد بەبێ کۆسپ دەسەڵاتی گرتەدەست، هەرچەندە ماوەی فەرمانڕەواییەکەی پڕ بو لە کێشەی ئاینی (باقر وأخرون: ١٩٧٩، ١٢٥).
دوای کۆچی دوایی باوکی لە ساڵی( ٤٥٧ز) دا هورمزی سێیەم (٤٥٧ -٤٥٩ز) کوڕی گەورەی یەزدگردی دووەم، بەپێی وەسیەتی پاشا گەیشتە پایەی پاشایەتی، ماوەی دەسەڵاتی زۆر نەبو، چونکە براکەی کە ناوی فەیروز بو لە سەردەمی باوکیدا فەرمانڕەوای ناوچەی سجستان بو، ڕوبەڕوی وەستا و لە ساڵی ٤٥٩ز بەهاوکاریی یەکێك لە گەورە پیاوانی وڵات بە ناوی سوخرا و موغەکانی زەردەشتی پەلاماری شاری تەیسەفونیان دا و داگیریانکرد و هورمزیان بە دیل گرت (خنجي: ٢٠١٨، ٤٧٩). واتە ئەم پاشایە سەرەڕای خواستی پاشا لە دانانی وەک جێنشین، دواتر لەلایەن براکەیەوە، بەهاندان و هاوکاریی پیاوانی ئاینی و خانەدانەکان، لابرا.
لە دوای فەیروزەوە بارودۆخی سیاسی تاڕادەیەک گۆڕانی بەسەرداهات، ئەوەش بۆ هەوڵەکانی قوبادی یەکەم (٤٨٨-٤٩٢ و٤٩٨-٥٣١ز) دەگەڕێتەوە، کە هێزی خانەدانەکانی بۆ ماوەیەک سنوردارکرد، بۆیە خۆی لە دیاریکردنی جێنشینەکەیدا ویستی خۆی یەکلاکەرەوە بووە، ئەوەبو خوسرەو ئەنوشێروانی Khusraw (٥٣١-٥٧٩ز) کوڕی وەک جێنشین دیاریکرد، چونکە بەپێی سیستەمی بنەماڵەیی، کاووس کوڕە گەورەکەی پاشای ناوبراو مافی خۆی بو ببێتە پاشای ئاینده، بەڵام لایەنگیریکردنی بۆ ئایینی مەزدەکی بووە هۆی بێبەشکردنی لە ڕەوایەتیی تەختی پاشایەتی، کەواتە لە نێوان میراتگری تەختی شاهانەی قوبادی یەکەم، لە ساڵی (٥٣١ز)، خوسرەو ئەنۆشیروان چووە سەرتەختی پاشایەتی (جەمیل، ٢٠١٨، ١٤٢)، تەنانەت قوباد هەوڵیدا پشتگیریی جوستینی ئیمپڕاتۆری ڕۆمانی بۆ جێنشینییەکەی خوسرەو بەدەستبهێنێت، تا چونە سەرتەختەکەی مسۆگەرتر بێت، بەڵام ئەم هەوڵەی قوباد سەرکەوتو نەبو (مجيد، ٢٠١٠، ١٤٩)، کەواتە ئەمەش لەسەر وەسیەتی قوبادی باوکی بو، تا دوای مردنی خۆی کێشە بۆ خوسرەوی کوڕی دروستنەکەن، بۆیە وەسیەتنامەکەی لای (ماهیود)ی مۆبەدانی موبەد (گەورەی پیاوانی ئاینیی زەردەشتی) دانا، ئەویش لە (ئەنجومەنی مەزنان)ی دانابو، تا بەپێی یاسا دەنگ بەجێنشینایەتی پادشا بدەن، بەمەش داوای کاووسی بردە دواوە، جگە لەوەی ویستی پاشای کۆچکردو حوکم و سەنگی یاسایی هەیە، تێکڕا دەیانزانی کە خوسرەو هەڵوێست و سیاسەتێکی قایم و پتەو دژی مەزدەکییەکان لەبەرچاو دەگرێت (ئیبن ئەسیر: ٢٠١٠، ٤٩٣؛ کریستێنسێن:، ٢٠٠٦ ، ٤٤٣-٤٤٤). بەپێی ئەو ڕێوشوێنەی قوباد گرتیەبەر بۆ دانانی جێنشینەکەی، کە وەسیەتنامەی خۆی بۆ دانانی جێنشین، ڕون دەبێتەوە کە ڕێی تێدەچێت ئەم ڕێکارە لەسەردەمی پاشاکانی تریشدا پەیڕەوکرابێت، کە پاشا لەم بارودۆخانەدا بەو شێوازە جێنشنی خۆی دیاریکردووە، بەڵام بەهۆی نەبونی زانیاریی مێژوویی یان هەر هۆکارێکی ترەوە ئەم بابەتانە بەردەست نین.

هورمزی کوڕی ئەنوشێروان ناسراو بە هورمزی چوارەم (٥٧٩-٥٩٠ز)" ئەنوشێروان چەند منداڵێکی تری هەبوە، بەڵام هەموان لە خێزانە کۆیلەکان بونە، هەرچی دایکی هورمز بو کچی پاشای هەفتالی بووە، بۆیە بە پشتیوانییەکی بەهێزەوە چووە سەر تەختی شاهانە و تاجی پاشایەتی کرایە سەر ( الدينوری: د.ت.ط ، ٧٥-٧٦؛ مسکویە، ٢٠٠٣، ١٤٢\١)، لەگەڵ ئەوەشدا نە وەك باوکی بەهێز بو نە سەردەمەکەشی بێ کێشە بو، ئەوەش کاتێك (بارام چۆبین)، کە گەورەترین سەرکردەی سەربازیی ئەوکات بو، توانیی بە پلانێك بگاتە کۆشکی شاهانە و دەست بەسەر ( تەیسفون)ی پایتەختدا بگرێت و (هورمزی چوارەم) لە دەسەڵات دوربخاتەوە و هورمزیان گرت و کوێریان کرد و خستیانە بەندیخانەوە دواتر کوشتیان (گیرشمەن: ٢٠١٣، ٤٦٩).

## ٤.دەستوەردان لە دەرەوەی بنەماڵە لە دانانی جێنشیندا

دەوڵەتی ساسانی شاهیدی هەڵگەڕانەوە و ململانێیی ناوخۆیی بو، کە کاریگەریی لەسەر گواستنەوەی تەختی پاشایەتی هەبو. لەم تەوەرەدا ئاماژە بەو جێنشینانە دەکەین کە بەهۆی کودەتا بەسەر یەك، یان بە یارمەتیی گەورەپیاوانی دەوڵەت و پیاوانی ئاینی و بەبێ خواستی پاشا چونەتە سەر تەختی پاشایەتی.
بەپێی سیستەمی پاشایەتیی ساسانی دەبوایە لە دوای بەهرامی دووەم، بەهرامی کوڕی بچێتە سەرتەختی پاشایەتی، بەڵام دوای ئەوەی بەهرامی سێیەم چووەسەر تەخت، نرسی/نەرسیس، کە نازناوی ئەرمەنستان شای هەبو دانی بەوەدانەنا، بەهۆی ئەوەی کوڕی شاپوری یەکەم بو، خۆی بە شایستەتر دەزانی (مجيد: ٢٠١٠، ٦٣)، لە نەخشی پەیکولیدا، باسی سەرکەوتن و هاتنە سەرتەختی خۆی و هاوکارەکانی دەکات، ئەوەی بووە هۆی سەرکەوتنی ئەوەبو پەیوەندیی لەگەڵ پیاوەگەورە و خانەدانەکان باش بووە و سوپاسی کردون بە پاڵپشتیکردنی بە نامە، یان بە هاوکاریکردنی وەك لەو نەخشەی باسی کردووە (Frye, 2983, 303).
دوای لەناوبردن و کوژرانی کوڕەکانی تری هورمزی دووەم، تەختی پاشایەتی چۆڵ بو، چونکە کەسێکی شایستە نەمابو بیخەنە سەر تەخت، ئەوەش کێشەبو، کە بۆشاییەکی گەورەی بۆ ڕەوایەتیی تەختی پاشایەتی دروستدەکرد، بۆیە خانەدانەکان و پیاوانی ئاینی بەدوای کەسێک لە بنەماڵەی ساسانی دەگەڕان، تا ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، لە ئەنجامدا شاپوری دووەم کوڕی هورمزی دووەمیان دیاریکرد. ئەو یەکەمین ئیمپڕاتۆری ساسانی بو لە سکی دایکیدا بۆ پۆستی پاشاییەتی دیاریکرا (دیاکونوف: ١٣٤٦، ٣٨٤)، دوای مردنی باوکی ڕاگەیەنرا، کە یەکێك لە ژنەکانی هورمزی دووەم دووگیانە، ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆرپەلەکە نێرە، بۆیە لەلایەن گەورەکانی وڵاتەوە بڕیار درا دوای لە دایکبونی وەك پاشای وڵات بیناسێنن، بۆیە کاتێك منداڵە لەدایکبووە و بەپێی چاوەڕوانییەکان منداڵێکی نێر بو، خۆشی بە هەمو وڵاتدا بڵاوبۆوە و بە کۆدەنگی ناویان نا شاپور (٣٠٩-٣٧٩ز)، نازناوی ذي الاكتاف هەبوە [5] (الطبري، ١٩٦٧، ٥٥)، زۆر ئاگاداری پەروەردەی بون و بەڵگەی بەهرە و زیرەکییەکەی لە ڕۆژانی منداڵییەوە دەرکەوت، ئەو یەکێك بو لە گەورەترین پاشاکانی ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی (مكاريوس: ٢٠٠٣، ٧٢). بەهۆی ئەوەی شاپور زۆر منداڵ بو، لەلایەن دایك و مەزنەکانەوە کارەکانی ڕایی کراون، بۆ ئەوەی تا تەمەنی گەورە دەبێت کاروبارەکانی وڵات بە ویستی ئەوان بەڕێوە بچێت، چونکە پاشای تەمەن بچوك هیچ زانینێکی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا نییە، دانان و لابردنی جێنشینەکان لە لایەن مەزن و دەسترۆیشتووەکانی وڵاتەوە بووە، کاتێك هەستیان بە جموجۆڵی پاشایەك کردبێت، کە لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبوبێت، یا

بۆ ئەوە بووە کە هەر کەسێك بێتە سەر تەخت بیر لە ڕوبەڕوبونەوەیان نەکاتەوە، بەمەش ژێردەستەی خۆیانی دەکەن، هەندێك جاریش لە ئەنجامی ململانێی نێوان دو بەرەی دەسەڵات، یەکێك لەو جێنشینانەیان دەکردە قوربانیی ململانێی خۆیان (الدینوري، ١٩٧٠، ٤٧؛ الثعالبي: ١٩٦٣، ٥١٦). بەدانانی پاشایەکی تەمەن بچوک، چونکە شارەزاییی نەبو، جگە لەوەش، ئەو ماوەیەی کە خانەدانەکان سەرقاڵی دانان و لابردنی شازادە و پاشاکان بون، هێزە دەرکییەکان، بەتایبەت عەرەبەکان، ئەوەیان بەهەل زانی و دەستیان بەسەر زۆر ناوچەی سنوری دەسەڵاتی ساسانیدا گرتبو و وەک لەوەرگای ئاژەڵەکانیان سودیان لێدەبینی (الطبري: ١٩٦٧، ٥٥-٥٦)، بۆیە تا تێپەڕبونی ماوەیەکی زۆر و پێگەیشتنی شاپور، بەوەش بارودۆخی دەوڵەتی ساسانی زۆر ئاڵۆز بووە.

لە دوای مردنی شاپوری دووەم، برایەکی چووەتە سەرتەخت، دواتر لەلایەن خانەدانەکانەوە لەسەر تەخت لابرا، ئەویش ئەردەشێری دووەم بو، بەڵام نازانرێت ئایا کوژراوە یان نا؟ چونکە باس لەوەکراوە نەکوژراوە و دوای دەربڕینی پابەندی پێی، پاشای داهاتو لێی خۆشبووە (الطبري، ١٩٦٧، ٦٢\٢)، هەرچۆن بوبێت، شاپوری سێیەم (٣٨٣-٣٨٨ز)، کوڕی شاپوری دووەم، کە دوای لێدانی ئەردەشێری دووەمی مامی لەلایەن گەورەکانی وڵات و موغەکانی زەردەشتی گەیشتە تەختی پاشایەتی، بۆ ماوەی (٥) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە، سەرباری ئەوەی پێشتر مامی دەسەڵات و تاجەکەی لێ زەوتکردووە، دواتر گەورەکانی دەربار تەنافی خێوەتەکەیان بڕی و خێوەتەکەی بەسەرداکەوت و مرد (ئیبن ئەسیر: ٢٠١٠، ٤٥٢\٢). ئەگەر ئەوە ڕاست بێت تاجەکەی لەلایەن مامییەوە لێزەوتکرابێت، ئەوە واتای ئەوەیە جێنشینییەکەی لەلایەن باوکیەوە بۆی دیاریکراوە، لەوانەشە مامی وەک وەسی کارەکانی بۆ بەڕێوەبردبێت و دواتر تاجی لەسەر خۆی نابێت. لە کۆتاییدا شاپور لەلایەن دەستڕۆیشتوەکانەوە لەناوبراوە و برایەکی دێتە سەر تەخت.

لە دوای شاپوری دووەمەوە بابەتی دانان و لادانی پاشاکان زۆر ئاڵۆز و ناڕونن؛ مردنی یەزدگرد یەکێ بو لەو پاشایانەی کۆتاییەکەی ناڕونە، چونکە بەپێی گێڕانەوەکان مردنەکەی بەهۆی ئەسپێکی نادیارەوە بووە و ئەوەش وەک وەڵامی خواوەند بۆ نزای پیاوانی ئاینی باسکراوە، چونکە وەک گوناحکار بینیویانە، لەبەر نەرمیی بەرانبەر بە ئاینەکانی تر، بۆیە نەیانهێشت هیچکام لە کوڕەکانی شوێنی بگرنەوە و کەسێکیان لە نزیکەکانی بنەماڵەی ساسانی هێنا بەناوی کیسراو کردیانە پاشا (الطبري، ١٩٦٧، ٧١\٢). ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پیاوانی ئاینی و لەوانەیە بە هاوکاریی خانەدانەکان کوشتبێتیان. یەکێک لە کوڕەکانی بەناوی بەهرام، کە بە بەهرامی پێنجەم (٤٢٠-٤٣٨ز) ناسراوە، بە یارمەتیی سەربازیی میری حیرەی عەرەبی مونزری یەکەمی کوڕی نعمان (٤١٨-٤٦٢ز)، گەڕایەوە سەر تەخت (باقر: ٢٠١١، ٥٤٧/٢) بەهرام لە کاتی ڕاوکردنی گوێدرێژێکی کێوی گیانی لەدەستدا (الجنابي: ٢٠١٠، ١٣). فەیرۆز (٤٥٧ -٤٨٤ز) کوڕی گەورەی یەزدەگوردی دووەم بو، سەرەڕای ئەوەی هومزی سێیەمی کوڕی گەورەی پاشا نەبو چووە سەر تەخت، بۆیە فەیروز لە خوراسانەوە ئامادەکاریی دەکرد و داوای یارمەتیی لە تەخارستان (لە خۆرهەڵات) و دەوروبەری کرد، بەهۆی پشتیوانیی فەرمانڕەوای هەفتالییەکان [6] و تەخارستان، دوای کوشتنی هورمزی برای و سیان لە ئەندامانی بنەماڵەکەی و بە زەبری هێز، گەیشت بە دەسەڵات ( الطبری: ١٩٦٧، ٨٢\٢)، لە ناوخۆشدا فەیروز داوای لە خانەدان و پیاوانی ئاینی کرد یارمەتیی بدەن بۆ ئەوەی پاشایەتییەکەی وەربگرێتەوە، چونکە خۆی براگەورە بو، بۆیە کاتێك بینییان کە فەیرۆز زیاتر شایەنی پاشایەتییە لە براکەی، بڕیاری یارمەتییان پێدا ( الدینوري: د.ت.ط ، ٥٨-٥٩).

بەڕێوەچونی سیستمی جێنشینی، تاڕادەیەکی زۆر پەیوەست بووە بە هێز و بارودۆخی دەوڵەت، یان دەرباری پاشاوە، بۆیە کاتێک دەوڵەت لە بارێکی ناجێگیر دەبێت، کاریگەریی زۆری لەسەر دیاریکردنی جێنشینەکانیش دەبێت. مێژونوسان باسی ئەو بارودۆخەیان کردووە، کە لە دوای کوژرانی فەیروز لە جەنگی هەفتالییەکاندا بارودۆخ زۆر ئاڵۆز بوبو (Stylite, 1882, X/8; P'arpec'i', 1985, III/86, 87)، جگە لە تێکچونی باری سیاسی و ئابوری، کۆمەڵێک سەرکردە و بنەماڵە، کە پێشتر دەرکەوتبون، زیاتر دەسەڵاتیان بەدەستهێنا، لەوانە بنەماڵەی کارین و میهران (بر شریعتی، ٢٠٢٠، ١٣٢-١٣٣)، فەیروز پێش کوژرانی لە ساڵی (٤٨٤ز) میراتگری تەختی پاشایەتی دانەناوە، بۆیە ناکۆکی لە نێوان کوڕەکانی دروستبو ( بلاش و قوبادی یەکەم)، لە کۆتاییدا بلاش/ڤۆڵگاش (٤٨٤-٤٨٨ز) بە یارمەتیی سوخرا، سەرکردەی بنەماڵەی کارین، گەیشتە پایەی دەسەڵات (الثعالبي: ١٩٦٣، ٣٧٥)، بەڵام فەرمانڕەوایەتییەکەی تەنها چوار ساڵی خایاند؛ بەهۆی بێتوانایی، بۆ نەهێشتنی ئاژاوەی وڵات لە پۆستەکەی دورخرایەوە (الکعبي: ٢٠٢٠، ٧١-٧٠). کریستێنسێن ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە بلاش لە کۆتایی دەسەڵاتیدا چاوەکانی کوێر کرا و لە دەسەڵات دورخرایەوە (٢٠٠٦، ٣٦٧). بۆیە قوبادی یەکەم {بە دوو جار (٤٨٨-٤٩٦، ٤٩٨-٥٣١ز)} هەڵات و داوای یارمەتی و هاوکاریی لە خاقانی شای تورکان کرد لە شەڕی لەگەڵ براکەیدا، خاقان یارمەتیی دا، پیر و سەرکردەکان لە دەوری کۆبونەوە و بەیعەتیان پێدا و فەرمانیان لێ وەرگرت، داوایان لێکرد کە بە باشی پاداشتی فەرماندەی گشتی بداتەوە بۆ ئەو کارە گەورەیەی کردویەتی (ثعالبي: ١٩٦٣، ٣٧٨-٣٧٩).

بەدەسەڵاتگەیشتنی جاماسب (٤٩٦-٤٩٨ز)، برای قوبادی یەکەم، دوای ئەو هەوڵە هات، کە گەورەکانی ئیمپڕاتۆرییەتی ساسانی و بەرپرسان و خاوەن موڵك و موغەکانی زەردەشتی، بۆ لێدان و لابردنی (قوبادی یەکەم) کاریان لەسەر کرد، ئەو پلانەی ئەوانیش تەنیا دژی (قوباد) نەبو؛ بەڵکو بۆ لێدانی ئایینی مەزدەکی و (مەزدەکی کوڕی بامداد)بو، مەترسییەکی گەورەی خستبوە سەر دەسەڵات و سامان و داراییان، هەر بۆیە بۆ گەڕانەوەی هێز و دارایی بۆ خۆیان ئەو کارەیان ئەنجامدا، بە برایەك لە برایەکی تریان دا ( باقر: ٢٠١١، ٥٤٨\٢-٥٤٩ ؛ الشواني، ٢٠١٦، ١٣٧-١٣٨)، چونکە قوباد ئایینی مەزدەکیی هەڵبژاردبو، ئەمەش بەرژەوەندییەکانی ئەوانی خستبوە مەترسییەوە (المسعودی، ٢٠٠٥، ٢٣٧/١). کەواتە لە نێوان سێ جێنشینی بنەماڵەکەدا، هەر جارە و یەکێکیان دەبردە سەر تەختی پاشایەتی، هەرکاتێک ماوەیەک تێدەپەڕی، یەکێکی تریان دەهێنا، تا هێز پەیدا نەکات، ئەوەش وایکرد کە دواتر قوبادی یەکەم بەپێچەوانەی خواستی ئەوان جوڵایەوە و بارودۆخەکەی هەڵگێڕایەوە و ئاین و دەسەڵاتی گۆڕی و دوری خستنەوە لە تەختی پاشایەتی، بەوەش دۆخی کەتواری (واقیع) ئاینی و کۆمەڵایەتیی ساسانی بۆماوەیەک گۆڕی و هاوکێشەی هێزی بەلای دەسەڵاتی ناوەندیدا برد.

لە دوای چونەسەرتەختی قوبادی یەکەم و دواتر، بۆ ماوەیەکی زۆر، تەختی پاشایەتی ئارامییەکی بەخۆیەوە بینی، بەڵام لە ڕوی کاتەوە بو، نەک ژمارەی جێنشینەکانی کە لەلایەن پاشاوە دیاریدەکران، چونکە قوباد و خوسرەو و ئەنوشێروان دەسەڵاتی پاشایەتیان لەڕێگای کۆمەڵێک چاکسازی و گۆڕانکاری کە بونە هۆی بەهێزبونی دەسەڵاتی پاشا، جێنشینی خۆیان دیاریکرد. دواتر خانەدانەکان دەستیان خستەوە ناو کاروباری تەختی پاشایەتی؛ خوسرەوی دووەم کوڕی هورمزی چوارەم ناسراو بە

خوسرەو پەرویز (٥٩٠-٦٢٨ز)، کاتێك لە لەلایەن خانەدانەکانەوە لە دوای ئەوەی باوکیان خستە بەندیخانەوە دەسەڵاتی وەرگرت، سەرکردە بارام چۆبین یاخی بو و ئامادە نەبو بەیعەتی پێبدات، چونکە خۆی بەشایستەی دەسەڵات دەزانی. پێشتر پاشا ویستی لە دەسەڵاتی کەمبکاتەوە، بۆیە بوێری ئەوەی هەبو داوای تەختی پاشایەتی بکات، بۆیە پایتەختی گرت و خۆی کرد بە پاشا (باقر: ٢٠١١، ٥٥٠\١٢)، لەسەر تەختی ئیمپراتۆری دانیشت و خانەدانەکانی بانگهێشتی کۆشک کرد و ئەو دانپێدانانەی پێدان کە شەوی پێشتر ئامادەی کردبو بۆ خانەدان و پاسەوانەکان واژۆ بکەن، کە بە ئارەزوی خۆیان شانشینییان بە بارام داوە و ئارەزوی ئەم حوکمڕانییەن بۆ هەمیشە لە خێزانەکەیدا بەردەوام دەبێت. هەروەها کۆشکی شاهانە لەلایەن هێزەکانییەوە گەمارۆدرا، بۆ ئەوەی هەرکەسێک دژایەتیی بکات و پلانی ڕۆشتنی هەبێت لەوێ دەستگیر بکرێت، بەم شێوەیە نازناوی بەهرامی شەشەمی وەرگرت. لەم دیدارەدا ڕایگەیاند هەر خانەدان و ئەفسەرێکی سوپا، کە لەگەڵ پاشایەتییەکەیدا ناکۆک بن، سێ ڕۆژی دەرفەت هەیە تا تەیسەفون بەجێبهێڵن، بۆ ئەوەی بچنە هەر شوێنێک کە بیانەوێت، کۆمەڵێک پیاوماقوڵ و ئەفسەر تەیسفۆن بەجێدەهێڵن و چونە ئائاتورپادگان (خنجي: ٢٠١٨، ٥٨٠، ٥٨٣). خوسرەو دوای هەڵاتنی لەپایتەخت، پەنای بردە لای مۆریس (٥٨٢-٦٠٢ز) ئیمپراتۆری بێزەنتی، بەڵام لە ناوەخۆدا خەڵك زۆر لە بارام هەڵگەڕانەوە و لایەنگیریان نەکرد، چونکە لە بنەماڵەی پاشایەتی نەبو، بۆیە لە کۆتاییدا دوای چەندین پێکدادان لە نێوانیان خوسرەو بە یارمەتیی ئیمپراتۆری بێزەنتی بەسەر بارامدا سەرکەوت و گەڕایەوە تەیسەفون و تاجی پاشایەتیی خستەوە سەری. بارام ڕایکرد بۆ لای تورکان و لەوێ مایەوە، بەڵام خوسرەو چەندین دیاریی گرانبەهای بۆ ناردن و داوای لێکردن بارام بکوژن، بۆیە ژنی پاشای ڕاسپارد کە بیکوژێت و ئەویش کوشتی ( ئیبن ئەسیر: ٢٠١٠، ٥٣٨). ئەوە یەکەم جار بو کەسێک لەدەرەوەی بنەماڵەی پاشایەتی بچێتە سەرتەخت، بۆیە ئەم ڕوداوە ئەگەر مانایەک لەخۆبگرێت، ئەوەیە کە دەربار و تاجی پاشایەتی پیرۆزییەکەی جارانی نەماوە، چونکە مەسەلەی تەختی شاهانە تەنها بۆ بنەماڵەی ساسانی قۆرخ بو، زۆر جاری تریش پاشاکان لەوەش لاوازتر بونە، بەڵام کەسێک لە خانەدانەکان، یان پیاوانی ئاینی بوێریی ئەوەیان نەبوە ئەو هێڵە سورە ببەزێنن، کە بارام چۆبین بەزاندی، لەوانەشە زیادەڕۆیی نەبێت ئەگەر ئەمە بە سەرەتای ڕوخانی دەوڵەتی ساسانی دابنرێت.

کاتێك خوسرەو بەهۆی زۆریی سامان و داگیرکردنی زۆربەی وڵاتانی دوژمن، لە کۆتاییدا بو بە پاشایەکی ستەمکار، ئەمە بووە هۆی ئەوەی خەڵك لێی بێزار بن و دەستەیەك لە گەورەکان چونە بابل و شیرویەی کوڕیان هێنا. خوسرەو منداڵەکانی خۆی لە بابل دانابو ئەوانی لە خۆتێهەڵقورتاندن لە کاروبارەکان دورخستبۆوە. شیرویە چەندین کەسی لە زیندان ئازادکرد، کە باوکی فەرمانی کوشتنی بۆ دەرکردبون (ئیبن ئەسیر: ٢٠١٠، ٥٥٩)، بۆیە ئەمانە لە دەوری کۆبونەوە و هاواریان دەکرد "قوباد (ناسناوی شێرویە) شای شاکانە". خوسرەو بەڕاکردن بەرە و باخێك لە نزیك کۆشکەکەی خۆی ڕۆیشت، بۆیە خەڵك ئەویان گرت و کوڕەکەیان کردە پاشا. دواتر قوباد باوکی خستە بەندیخانە، پاشان چەندین گەورە هاتنە لای قوباد و پێیان ڕاگەیاند کە ناگونجێت دو پاشا هەبێت، بۆیە قوباد باوکی لە زینداندا کوشت و دواتر پانزدە پیاوی لە گەورە پیاوانی بنەماڵەکەی و براکانی کوشت، بۆ ئەوەی لە دواتردا کێشە بۆ دەسەڵاتەکەی دروستنەکەن ( الدينوري: د.ت.ط، ١٠٧).

ئەردەشێر (٦٢٨-٦٢٩ز) کوڕی (قوبادی دووەم)ە، بە (ئەردەشێری سێیەم) ناسراوە، لەلایەن گەورەکانی وڵاتەوە لە شوێنی باوکی دانرا، بەڵام بەهۆی ئەوەی منداڵ بو، بۆیە سەرۆکی باڵای خوانەکان دەربار وەک وەسی لەسەری دانرا، ئەو زۆر بە باشی کاروبارەکانی بەڕێوەدەبرد، ئەمەش وای کردبو کە کەس پاشا بە کەم تەمەن سەیر نەکات ( ئیبن ئەسیر: ٢٠٢٠، ٥٦٥)، بەڵام دوای (پێنچ ) مانگ لەلایەن شەهرباز فەرماندەی بەناوبانگی خوسرەو پەرویز، لە دەسەڵات دورخرایەوە و ئەمیش بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك فەرمانڕەوایەتیی کرد، هەرچەندە لە بنەماڵەی ساسانی نەبو، دواتر بە پیلانێکی سەرکردەکانی سوپا پاشای نوێ کوژرا (الطبري، ١٩٦٧، ٢٣٠-٢٣١). ئەوەی کە لێرەدا گرنگە، بەدەر لە کوشتنی پاشاکان و دەستوەردانی گەورەکان و خانەدانەکان، بۆ دووەم جار لە دوای بەهرام چوبین، ئەم سەرکردە سەربازییە لە دەرەوەی بنەماڵەی ساسانی خۆی وەک پاشا ناساندووە.

دوای کوژرانی شەهرباز کاتێک خانەدان و سەرکردەکان گەڕانەوە بۆ مەدائین، پیاوێکیان لە نێو بنەماڵەی پاشاکاندا نەدۆزییەوە بیکەنە پاشا، بە ناچاری لە ٦٣٠ز پورانی کچی خوسرەو پەرویزیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێتە پاشا، ئەو لە ژنانی وەک خۆی ژیرتر و باڵاتر بو، دوای ساڵێک و چوار مانگ لە دەسەڵات، نەخۆشکەوت و کۆچی دوایی کرد (ثعالبي: ١٩٦٣، ٤٦٨). بەدوای ئەویشدا کچێکی تری خوسرەو پەرویز بەناوی ئازەرمیدخت (Azermidkht)، لە پوران بچوکتر بووە، یەکێک لە سەرکردەی باڵای سەربازی بەناوی فرخ-هرمزد هاوسەرگیریی لەگەڵدا کردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی بەسەریدا نەبو، شاژن بەرێگای نهێنی لەناویبرد، بۆیە ڕۆستەمی کوڕی فرخ-هرمزد لە تۆڵەی باوکی، شاژنی کوشت، بەم شێوەیە دوای چەند مانگێك لە فەرمانڕەوایەتیی کۆتایی هات. لەدوای ئەو ڕوداوانە لەماوەی ٦٣٠-٦٣٢ز، چەندین کەسی تر وەک پاشا لەلایەن دەستڕۆیشتوەکانەوە دیاریکران، بەڵام نەیانتوانی لەسەر تەختی پاشایەتی بەردەوام بن (کریستێنسێن: ٢٠٠٦، ٦١٩-٦٢٠).

دوای ماوەیەک سەرکردەیەک لە گەورە پیاوانی دەوڵەت، کە فەرماندەی ناوچەکانی نوسەیبین بو بە ناوی فرخزاد خوسرەو، گەڕایەوە پایتەخت و دەستی بەسەر تەختداگرت، بەڵام خانەدان و بنەماڵەگەورەکان بەوە ڕازی نەدەبون، کە کەسێک لە خۆیان تاجی پاشایەتی لەسەر بنێت، وەک ئەوانەی پێشوتر، لێی هەڵگەڕانەوە و باسی کوشتنی کراوە، بۆیە بەدوای یەکێک لەبنەماڵەی پاشایەتی دەگەڕان، تا کوڕێکی شهریار کوڕی خوسرەویان دۆزییەوە، کە لە کوشتارەکەی شیرویە (قوبادی دووەم)دا ڕزگاری بوبو و بۆ ئستەخر لە هەرێمی فارس هەڵهاتبو، ئەویش یەزدگردی سێیەم (٦٣٢-٦٥١ز) بو (الطبري، ١٩٦٧، ٢٣٤\١٢)، بەڵام فەرمانڕەوایی ئەو لای کەسەکانی گوماناوی و وەزیرەکان کاروباریان بەڕێوەدەبرد و پاشا کەسێکی کەمتەمەن و هیچی لە بەڕێوبردن نەدەزانی، بۆیە لە ساڵی ٦٥١ز بە کوژرانی، کۆتایی بە مێژوی فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆریەتی ساسانی هات (الثعالبي: ١٩٦٣، ٤٦٨)، بەڵام وەک تەبەری دەڵێت، تەمەنی( ٢٨) ساڵ بووە (الطبري، ١٩٦٧، ٢٣٤\١٢)، بەوەش لەگەڵ ڕوداوەکاندا ناگونجێت، کە دەڵێن لە ( ٦٥١ز) دوای لەناوبردنی دەوڵەتی ساسانی لەلایەن عەرەبە موسوڵمانەکانەوە، کەسێک کوشتویەتی، بۆیە ئەگەر بە تەمەنێکی منداڵییەوە چوبێتە سەرتەخت، ئەوا هەمو تەمەنی لە پاشایەتیدا بردۆتەسەر و لە جیاتی دو ساڵ نزیکەی ( ١٩) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.

وەك دەبینندرێت، پیاوانی ئاینی لە دانانی جێنشیندا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبو، چونکە پیاوانی ئاینی کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر حوکمڕانی هەبوە، چونکە ئاینی زەردەشتی لە دەوڵەتی ساسانیدا پێگەیەکی گەورەی هەبو، هەروەها گەورەی پیاوانی ئاینی (موبدان موبەد) ڕۆڵێکی گرنگی لە حوکمڕانیدا هەبو، ئەوان دەیانتوانی پشتگیری یان دژایەتیی هەر بەربژێرێک بکەن بۆ جێنشینی بە پشتبەستن بە گونجانی لەگەڵ بنەماکانی

زەردەشتی و بەرژەوەندییە ئایینییەکانیان. هەروەها هەندێک لە پیاوانی ئایینی پێگەی کۆمەڵایەتیی گەورە و توانای کۆکردنەوەی پشتیوانیی جەماوەرییان هەبو، ئەمەش وایلێکردن هاوبەشی سەرەکیی دەسەڵات بن، بۆیە زۆر جار لایەنگیری یان هەوڵی هاتنە سەرتەختی ئەو جێنشینەیان دەدا کە لاواز یان کەمتەمەن بو، بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن، ئەمەش لە کۆتاییدا بووە هۆی لاوازی و ڕوخانی ئیمپڕاتۆریەتەکە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر دەبینرێت چەندین جێنشین بە یارمەتیی خانەدانەکان هاتونەتە سەرتەخت، چونکە ئەوانیش ڕۆڵێکی گەورەیان هەبو لە دانانی جێنشین، بەو پێیەی موڵک و سامان و خاک و هێزی سەربازییان هەبوە، زۆرجاریش کێبڕکێیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد بۆ ئەوەی کاریگەرییان لەسەر دانانی جێنشین هەبێت. لە بارودۆخی ناسەقامگیری یان ئاژاوەگێڕیدا، بنەماڵە خانەدانە بەهێزەکان توانیان کاریگەرییەکی زۆر لەسەر هەڵبژاردنی جێنشین دروست بکەن، ئەم کارانەش دەبونە هۆی لاوازیی دەسەڵاتی ناوەند و پارچە پارچە بونی دەسەڵاتەکان و نەمانی دەسەڵات لەسەر ناوچەکان.

## ٥. ئەنجام

١.سیستمی جێنشینی، کۆڵەکەیەکی گرنگی سیستمی پاشایەتی بووە لە سەردەمی ساسانیدا، ئەم سیستمە زیاتر بۆ هێشتنەوەی تەختی پاشایەتییە لەنێو بنەماڵەی پاشادا، ئەوەش زۆرجار لە جێگیریی دۆخی سیاسیدا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام هەندێ جار پەیوەست بوە بە هێز و دەسەڵاتی دەرباری پاشا، چونکە لە دەوڵەتی ساسانیدا چەند هێزێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی هەبون، وەک خانەدان و پیاوانی ئاینی، لە دەرفەتێک دەگەڕان کە هەژمونی خۆیان بسەپێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جگە لە چەند جارێک لە کۆتاییەکانی تەمەنی ئیمپڕاتۆریەکەدا، هەوڵی ئەوەیان نەداوە کەسێی دەرەوەی بنەماڵەکە بخەنە سەرتەخت.

٢.ململانێ لەسەر تەختی پاشایەتی، بووە هۆی نائارامیی کۆمەڵایەتی و زیادبونی ململانێی نێوان چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، بۆ نمونە پیاوانی ئایینیی زەردەشتی ڕۆڵی گەورەیان لە سیاسەتدا هەبوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر سەقامگیریی سیاسی هەبوە. پشتیوانیی ئایینی پێویست بو بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەتی سیاسی.

٣.ململانێ ناوخۆییەکان پێگەی ئیمپڕاتۆریەتەکەیان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لاواز کرد، ئەمەش وایکرد توشی دەستوەردانی دەرەکی بێت. ڕۆمانەکان ئەم قۆناغانەیان بۆ پشتیوانی لە لایەنە دژبەرەکان قۆستەوە.

٤.زۆرجار قۆناغەکانی ململانێی ناوخۆ و ناسەقامگیریی سیاسی بۆتە هۆی تێکچونی ئابوری. لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندی، کاریگەریی نەرێنیی لەسەر کۆکردنەوەی باج و بازرگانی هەبو، بەڵام لەو قۆناغانەی کە تەختی پاشایەتی بە شێوەیەکی ئارام و لەسەر خواستی پاشا گواسترایەوە، دەوڵەت لە قۆناغەکانی سەقامگیریی سیاسی و گەشەی ئابوریدا بەهرەمەند بو. بۆ نمونە حوکمڕانی خوسرەوی یەکەم (ئەنوشیروان) شاهیدی چاکسازیی گەورەی ئیداری و ئابوری بو.

٥.زیادبونی ململانێ ناوخۆییەکان لەسەر تەختی پاشایەتی، لە ساڵانی کۆتاییی دەسەڵاتی ساسانیدا، بووە هۆی لاوازبونی بەرچاوی ئیمپڕاتۆریەتەکە، تەنانەت گەیشتە ئەوەی کە کەسانی دەرەوەی بنەماڵەی ساسانی داوای تەختی پاشایەتی بکەن وەک بەهرام چوبین، ئەمەش بووە هۆی تێکشکانی پیرۆزیی تەختی پاشایەتی، کە دامەزرێنەرەکەی بنیاتینابو، بۆیە لەکۆتا ڕۆژگارەکانیدا، پاشاگەردانی باڵی بەسەردا کێشا و لەماوەی چوار ساڵدا دە پاشا هێنرانە سەرتەخت و لەناوبران، ئەمەش لەکاتێکدا بو، کە ئاسانکاری بۆ شاڵاوەکانی عەرەبی ئیسلامی دەستی پێکردبو، کە بوە هۆی ڕوخانی ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی لە ساڵی ٦٥١ی زایینی.

## سەرچاوەکان

عەبدوڵڵا: محەمەد عەلی، ٢٠١٠، شەری گوگامیلا (ئە ربیلا) ٣٣١ پ ز تویژینە وە یە کی میژوویی لە هوکار و دەرئەجامەکانی، چاپخانەی کەمال، سلیمانی

کریستێنسێن: ئارتوور، (٢٠٠٦)، ئێران سەردەمی ساسانی، و: سەڵاحەدین ئاشتی، چاپخانەی شفان، سلێمانی.

کەلسومە: جەمیل، (٢٠١٨)، مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نزیک، عێراق ،ئێران، وڵاتی شام، چاپی سێیەم ،نوسینگەی تەفسیر ،هەولێر.

گیرشمەن: ڕۆمەن، (٢٠١٣)، مێژووی ئێران لە سەرەتاوە هەتا هاتنی ئیسلام، و: سەلاحەدین ئاشتی، ئێران- تاران.

ئیبن ئەسیر، (٢٠١٠)، تەواوی مێژوو، و: زاهیر محمد،چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلیمانی.

٦. ٢.سەرچاوەکان بە فارسی

أمینی: أمین، (١٣٨٩هـ.ش)، سکەی ساسانی، تهران- پازینه.

باقر: طه، (٢٠٠٩)، مقدمة فی تاریخ الحضارات القدیمة، شرکة دار الوراق للنشر المحدوة، بیروت، ج١.

باقر: طه، (٢٠١١)، مقدمة فی تاریخ الحضارات القدیمة ، حضارات وادی النیل وبعض الحضارات القدیمة (فارس، الاغریق، الرومان)، بغداد، الوراق، ج٢.

باقر، طه، الهاشمی، رضا جواد، رشید، فوزی، (١٩٧٩)، تاریخ ایران القدیم، بغداد.

پیرنیا، حسن و عباس اقبال اشتیاني، (١٣٨٥)، تاریخ ایران از آغاز تا انقراض ساسانیان از صدر اسلام تا انقراض قاجاریه چاپ دوم، انتشارات میلاد تهران، ایران.

الثعالبي: أبو المنصور عبد الملك بن محمد النیسابوری (ت.٣٦٥هـ)، (١٩٦٣)، تاریخ غرر السیر (غرر أخبار ملوك الفرس و سیرهم)، مكتبة الأسدی، طهران.

الجنابي: قەیس حاتم هانی، (٢٠١١)، الأوضاع السیاسیة في الامبراطوریة الساسانیة ٢٢٦-٤٥٩م، مجلة العلوم الانسانیة مجلة بابل للعلوم الانسانیة هي مجلة علمیة ، المجلد: 1 العدد 8 (خاص بالمؤتمر) الأوضاع السیاسیة في الإمبراطوریة الساسانیة (٢٢٦-٦٥١م).

خنجي، أمیر حسین، (٢٠١٨) نشأة ایران، حضارة إمبراطوریة، تر.سامي محمد المرسي، دار العراب، دمشق.

دیاكونوف:م.م.، ١٣٤٦، تاریخ ایران باستان ، ترجمه:روحی ارباب , نشر کتاب تهران.

الدینوری، أبي حنیفة أحمد بن داؤد (ت.٢٨٢هـ)، (د.ت.ط)، الأخبار الطوال، تحقیق عبد المنعم عامر، وزارة الثقافة والإرشاد القومي الإقلیم الجنوبي الإدارة العامة الثقافة.

زنجاني: محمود ، (١٣٨٠)، تاریخ تمدن ایران، باستان آشتیانه ، تهران، ، ج٢.

الشواني: شادان أكبر أنور، (٢٠١٦)، الصراعات الداخلیة وأثرها في سقوط الدولة الساسانیة، رسالة ماجستیر،جامعة تكریت.

الشیخ: كاظم عباس،٢٠١٢، المسكوكات البیزنطیة والساسانیة المتداولة في العراق حتى أواخر عهد عبد الملك بن مروان ، مركز بابل للدراسات الحضاریة والتاریخیة،مجلد ٢ العدد / ٢

صالح: مهدیة فیصل، ٢٠١٧، العلاقات السیاسیة الساسانیة- البیزنطة (٢٢٦-٦٢٨م)، مكتبة عدنان، بغداد.

الطبري، ابو جعفر محمد بن جرير (ت: ٣١٠هـ)، (١٩٦٧)، تاريخ الرسل و الملوك ( تاريخ الطبرى) ، تحقيق: محمد ابو الفضل أبراهيم، ط٢، دار المعارف، مصر.

الكعبي: نصير، (٢٠٢٠)، تاريخ الدولة الساسانية، المركز الأكاديمي للأبحاث، بيروت.

مجيد: كامران محمد جلال، (٢٠١٠)، الصراع الساسانى الروماني على أرض الرافدين العليا ٢٢٤-٥٧٩م، دراسة تاريخية سياسية، أطروحة دكتوراه، جامعة السليمانية.

المسعودي ،أبي الحسن على بن الحسين (٤٥٣ -٩٦٥هـ)، (٢٠٠٥)، مروج الذهب ومعادن الجوهر،عنى به محمد هشام النعسان ،عبدالمجيد طعمة حلبى،الطبعة الأولى ،دارالمعرفة للطباعة والتشروالتوزيع ،بيروت ،لبنان.

مسكويه: أبي علي أحمد بن محمد بن يعقوب، (ت ٤٢١هـ)، ٢٠٠٣، تجارب الأمم وتعاقب الهمم ، تحقيق سيد كسروي حسن ، دار الكتب العلمية بيروت – لبنان.

مكاريوس: شاهين، ٢٠٠٣، تاريخ ايران، جميع الحقوق محفوظة للتاثير، القاهرة.

اليعقوبي: احمد بن اسحاق بن جعفر، (١٩٩٩)، تاريخ العقوبي، علق عليه ووضع له حواشيه خليل المنصور، دار الكتب العلمية، بيروت.

Daryaee, Touraj, 2009, *Sasanian Persia The Rise And Fall Of An Empire* , Published By I.B.Tauris & Co. Ltd In Association With The Iran Heritage Foundation, Tauris London, New York .

Frye, Richard N. ,(1983), *The history of ancient Iran*, München: Beck.

P'arpec'i', Ghazar (1985) *History of the Armenians, Tr, from classic Armenian; Robert Bedrosian, (New York, part.3.*

Stylite, Joshua (1882) *The Chronicle of Joshua Stylite*, Book X, Tr. & Note. By: W. Wright, Cambridge.

## نظام الخلافة في الدولة الساسانية – السياقات والتأثيرات السياسية (٢٢٤-٦٥١م)

### الملخص

هذا البحث المعنون " نظام الخلافة في الدولة الساسانية – السياقات والتأثيرات السياسية (٢٢٤-٦٥١م)" يهتم بدراسة العملية التاريخية لانتقال السلطة داخل الأسرة الساسانية الحاكمة ويستكشف آليات تعيين أو استبدال خلفاء العرش الإمبراطوري الساساني لتوضيح مدى التزام عملية الخلافة بالنظام الملكي، وفيما إذا كانت الخلافة وراثية بحتة. حيث كان النظام ملكيًا وأنشأه أردشير الأول (٢٢٤-٢٤١م)، مؤسس الدولة الساسانية على أساس مبدأ الحكم الأسري. إلا أنه تأثر بالشخصيات الدينية والعائلات النبيلة والقوى الاجتماعية. كما يبحث البحث في دور التأثيرات الخارجية والقوة العسكرية في تحديد الخلفاء، اذ كان الحكم في الدولة الساسانية وراثيًا إلى حد كبير حيث كان من المتوقع أن يخلفه ابن الملك، ومع ذلك، لم يكن هذا النظام متسقًا دائمًا، وغالبًا ما نشأت صراعات بين أبناء الملك أو فروع مختلفة من العائلة المالكة. بالإضافة إلى ذلك، سعت قوى اجتماعية مختلفة كالنبلاء والقادة العسكريين والقوى الخارجية مثل الموغ إلى التأثير في اختيار الخلفاء لخدمة مصالحهم الخاصة. وبالتالي تهدف هذه الدراسة إلى تحليل الأنماط التاريخية للخلافة الملكية، والعوامل المؤثرة عليهاوعواقبها السياسية. ولتحقيق هذا الهدف اعتمدت الدراسة على المنهج التاريخي والتحليلي، ومن بين النتائج الرئيسية التي توصلت إليها الدراسة أن عدم الاستقرار السياسي غالبًا ماكان سببا في اضغاف شرعية العرش، مما دفع الشخصيات غير الملكية إلى محاولة الاستيلاء على السلطة.

**الكلمات المفتاحية**: السلطة، نظام الخلافة، الدولة الساسانية، العائلات النبيلة

**The Succession System in the Sassanid State, its Conditions and its Influence on Political Stability 224-651 AD**

**Abstract**

This Study, entitled "The Succession System in the Sassanian State – Its Contexts and Political Impact (224-651 CE)", is an analytical study that examines the historical process of power transfer within the ruling Sassanian dynasty. It explores the mechanisms of appointing or replacing successors to the Sassanian imperial throne to clarify the extent to which the succession process adhered to a monarchical system. The study investigates whether succession was strictly hereditary, as the system was monarchical and established by Ardashir I (224-241 CE), the founder of the Sassanian state, based on the principle of dynastic rule. However, it was influenced by religious figures, noble families, and social movements. The research also examines the extent to which external influences and military power played a role in determining successors. Governance in the Sassanian state was largely hereditary, as it was expected that the king's son would succeed him. However, this system was not always consistent, and conflicts often arose between the king's sons or different branches of the royal family. Additionally, various social forces, such as the nobility, military leaders, and external powers like the Mughals, sought to influence the selection of successors to serve their own interests. Thus, this study aims to analyze the historical patterns of royal succession, the factors influencing it, and its political consequences. One of its key findings is that political instability often weakened the legitimacy of the throne, leading non-royal figures to attempt to seize power.

KEYWORDS: Power, Succession System, Sassanian State, Noble Families, Political conflict.

## پەراوێزەکان

[1]. شاری دارابگرد: دەکەوێتە هەرێمی فارس لە باشوری خۆرئاوای ئێرانی ئێستا. (مجید:٢٠١٠، ٤٥).

[2] . زۆربەی پاشاکانی ساسانی سکەیان لێداوە، ئەمەش بۆ ئێمە زۆر گرنگە، چونکە لە ڕێگای ئەم سکانەوە زۆر زانیاریمان دەستدەکەوێت، بۆ نمونە دەتوانین بزانین ئایا ئەم ئیمپڕاتۆریەتە سەربەخۆیە یان ژێردەستەیە؟ یان لایەنی کارگێڕی و ئابوری بۆ دەرخستنی ڕادەی گەشەسەندنی ئابوریي دەوڵەت و دەستنیشانکردنی قۆناغەکانی بەهێزی و لاوازیي بە قەبارە و کێشی سکەی جیاواز. هەروەها لایەنی ئایینی، بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕونمان پێبدات سروشتی بیری ئایینی و پەیوەندییەکەی بە دەوڵەتەوە بە بەکارهێنانی هێما ئایینیەکان کە هێمای چەمک و ڕەچاوکردنەکانن و ڕەنگدانەوەی ئاراستەی دەوڵەتن، چونکە سەردەمی ساسانییەکان شایەتحاڵی سەرهەڵدانی ئایینەکان و سەرهەڵدانی بزوتنەوە ئاینییەکان بون، کە کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ڕوداوە سیاسییەکانی دەوڵەتدا هەبو، بۆ نمونە بونی ئاگردان لەسەر ڕوی یەکێک لە سکەکانی ئەردەشێری یەکەم نەخشکراوە و بەهەمان شێوەش لەسەر سکەی شاپوری یەکەم و شاپوری دووەم و بەهرامی دووەم نەخشکراوە (کریستێنسێن: ٢٠٠٦، ٢٠٢، ٢٠٥)

[3] . ئەردەشیر مەسەلەی دانانی جێنشینی، کە باوکی بە دانانی شاپوری برای بنەماکەی دانا، ڕەتکردەوە، کاتێ کە لەگەڵیدا کەوتە ململانێ، چونکە براکەی لەخۆی گەورەتر بو، بەڵام لەکاتی ئەو ڕکابەرییەدا شاپور دەمرێت (الشیخ: ٢٠١٢، ٢٣٥)، کە دور نییە لەلایەن ئەردەشێرەوە ئەنجامدرابێت.

[4] . بە جۆرێك لە سەر سکەکانی لە پاڵ وێنەی خۆیدا، وێنەی شاپوریش دەردەکەوێت ( امینی: ١٣٨٩، ١٠٦-١٠٧)، وەك لە سکەکە دەردەکەوێت هەردوکیان پێکەوە نیشاندەدات، ڕەنگە لەلایەن ئەردەشیرەوە فەرمانی پێکرابێت بۆ دڵنیابون لە جێنشینییەکی سەلامەت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەردەشێر کوڕی تری هەبو فرمانڕەوایي هەرێمەکانی دیکەیان پێدرابو و لەوانەیە ئەوانیش ویستبێتیان تەختی پاشایەتی بگرنەدەست (Daryaee: 2009, 6-7).

[5] . یان (شاندار) وەهاش دادەندێت کە بڕیاری کونکردنی شانی عەرەبەکانی داوە، دوای ئەوەی بەسەریان سەرکەوتووە (الیعقوبی: ١٩٩٩، ١٤١، ج١؛ مسکویة: ٢٠٠٣، ١٠٩/١)، یاخود بەهۆی شانوشەوکەتی، یان سیفەتی ئەوان بووە بەرانبەر بە دوژمنان ( الطبري: ١٩٦٧، ٥٥).

[6] . لە سەرچاوەکاندا بە هیاطلە یان هیپتالی ناسراون، بەشێک بون لە هۆزەکانی هون، کە لە تبتی چینەوە کۆچیان کرد بو، لە دوای تێکشکانی کوشانییەکان، لە خۆرهەڵاتەوە هێرشیان دەکردە سەر سنورەکانی ساسانی و دەستیان بەسەر چەند ناوچەیەکدا گرت،( زنجانی: ص، ص١٠١، ١١٣).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp277-285